# دژواریەکانی رووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ خەتەنەکردنی کچان لە جیهان دا



**و: ئاوارە جەلالی**

لە سەرتاسەری دنیادا نزیکەی ١٥٠ ملیۆن کچ و ژن هەن کە خەتەنە کراون و مەجبوورن هەتا کۆتایی ژیانیان لە گەڵ تەئسیرانی دەروونی و جەسەدی و ئەو توندوتیژیەی کە در هەق بە وان کراوە ژیان بەرنەسەر. هەر ساڵەی نزیکەی ٢ ملیۆن کچ لە تەمەنی ٤ هەتا ١٢ ساڵی بە.م کۆمەڵەوە زیاد دەبن. لە نزیك بە ٣٠ وڵاتی ئافریقایی و هەروەها لە هێندێك لە ئەقەلیەتە قەومیەکانی ئاسیا ئەندامی جنسی کچان بە پێی ئەو ئاداب و تەقالیدە دەبرن کە بە هەزاران ساڵ لەوەوپێش باو بوە، هەروەها بە شێوەیەك دەی برن کە لە ٣ کچی عەمەل کراو یەکیان گیانی لە دەست دەدات. یەکێك لەو هۆکارانەی کە رێژەی مردنی دایکانی ئافریقایی زۆرە خەتەنە کردنی ژنانە. بەڵام زۆر بە زەحمەت دەتوانین دەوڵەتێکی ئافریقایی پەیدا بکەین کە قانوونێکی وای هەبێ کە ئەو کەسانەی خەتەنە دەکەن سزا بدات. تەنیا ڕێگایەك کە کچان و ژنان دەتوانن لەم کێشەیە خۆیان دەرباز بکەن هەڵاتنە، لە ئامریکا ڕێژەی ئەو کەسانەی کە لە دەست خەتەنە کردن هەڵاتوون ڕوو لە زیاد بوونە.

هیبو (گۆرانیبێژێکە خەڵکی سۆماڵی) زۆربەی گۆرانیەکانی باس لەو ئازارانە دەکات کە لە منداڵی دا کێشاونی، هیبۆ لە سۆماڵی هەڵاتووە ئێستا لە ئامریکا دەژی، لە کۆنسێرتەکانی لە ئامریکا هەموو کاتێک لە پێوەندی لە گەڵ خەتەنەش دا گۆرانی دەڵێ، مەبەستی ئەو گلایە و ڕۆشنبیر کردنە. ئازاری خەتەنە لە یاد ناچێت، ئەم ئازارە ژنانی ئازار دیتو لە ناو دەبات و لە گەڵ ئەوانیش دا بنەماڵەکەشیان لە ناو دەبات.

نیویۆرک (مانهاتان گابریلا دوتیا Gabriel lade vita لە یونسیف لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان شۆڕشێکی شەش ساڵەی دژی خەتەنە کردنی ژنان و کچان بەڕێ کردبوو، (مستەر سیای) تەجروبەکانی نیشان دەدات، گابریلا دوتیا دەڵێ: ئامار نیشانی دەدات کە لە دەیەکانی کۆتایش دا درێژەی ژنانی خەتەنەکراو کەم نەبۆتەوە لە بەشێك لە وڵاتاندا تەنانەت دەبینین کە ڕێژەی خەتەنەکردنی کچان زیادی کردووە لە ساڵی ١٩٩٧ی میلادی یونیسێف ڕێکخراوی بهداشتی جیهانی و سەندوقی جەمعیەتی جیهانی بۆ یەکەم جار تەرحێکی هاوبەشیان خستە ڕوو، کە بە پێی ئەم تەرحە قەرار وایە کە لە ماوەی ١٠ ساڵ دا ڕێژەی ئەو کچانەی کە خەتەن دەکرێن بە ئاشکرا کەم بکرێتەوە. ئەم ڕێکخراوە پەیوەستە بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ جێ بە جێ کردنی چەندین تەرح هەوڵ دەدەن، قەرار وایە زۆربەی ئەو گروپە کۆمەڵایەتیانە یەك ئامانجی هاوبەش بگرنە پێش، دەوڵەتەکان، ڕێکخراوە سیاسی و مەزهەبیەکان و ڕێکخراوە غەیرە دەوڵەتی و فریا گوزاریەکان، ئەمانە هەموویان بە گرێدانی کارو چالاکیەکانیان لە گەڵ یەکتر دەبێ بۆ بنبڕ کردنی خەتەنە کردنی ژنان هەوڵ بدەن. بەڵام لە ٦ ساڵی ڕابردوو دا یونیسێف تەنیا لە چەند وڵاتی وەکوو سنگاڵ، بورکنیا فاسوور، سوودان، سەرکەوتنی بە دەست هێناوە. گابریلا دوتیا لە نموونەی سوودان دا نیشان دەدات کە تەوەرەی ئەسڵی تەرحەکە چی بووە.

"یەکەمین هەنگاومان لە سوودان دا ئەوە بوو کە مەوزوعی خەتەنە کردنی کچان بێننە گۆڕێ، تەواوی خەڵکی سوودان بانگ هێشتن کرا بوون تا لەم باسەدا بەشداری بکەن. دایکان و باوکان ڕێبەرانی دینی و هەموو ئەو کەسانەی کە بڕیاردەر بوون گوێیان لە قسەکانی ئێمە بوو، دەمان هەویست بە هەر شێوەیەك کە هەیە لە گەڵ ئەو کەسانەی کە بڕیاری خەتەنە دەدەن بکەوینە بەحس. "

نەتیجەی کارەکەمان بەیاننامەیەك بوو بە کەتبی دژی خەتەنە کردنی کچان. کە ئەم بەیانیەیە بەرزترین دەسەڵاتی دینی لە سوودان ئیمزای کرد.

چەند مانگ دواتر هەموو شێوەکانی خەتەنە کردنی ژنان لە تەواوی نەخۆشخانەکانی دا قەدەغە کراو ئەمەش شۆڕای دکتۆرەکانی سوودان بە پشتیوانی هەموو دکتۆرەکان پەسەندیان کرد.

مەبەستی یونیسێف لە ناوبردنی ئەو ئەفکارەیە لەو وڵاتانەی کە ژنان خەتەنە دەکرێن. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ زانیاری و ڕوونکردنەوە لە پێوەندی لە گەڵ ئەو تەهدیدە جسمی و دەروونیە کە بە هۆی خەتەنەوە درووست دەبێ، بدرێ بە هەموو ئەو گروهە کۆمەڵایەتیيانە، بەڵام سوودان، بورکنیا فاسوو، سنیگال استپنان و هەرواش دەمێننەوە. چوونکە ئەگەر ئەو دەوڵەتانەش ناچار کەن کە قانوونەکانی خۆیان بگۆڕن، دیسان ئەوا بەو مانایە نیە کە خەڵك دەستیان لە سوونەتی خۆیان هەڵگرتووە. گابریلا دوتیا میسر بە نموونە دێنێتەوە: لە میسر قانوونێك هەیە کە خەتەنە کردنی ژنان مەحکوم دەکات، لەگەڵ ئەوەی کە بۆ جێ بە جێ کردنی ئەم کارە ئەگەر دەلایلی پزیشکی بهێنێتەوە جایزە.

بەم شێوەیە بە دەوری قانوون دا دەسووڕێنەوەو خەتەنە کردن جێ بە جێ دەکەن. ئەو دەلیلانەی کە تەیفی ڕۆشنبیریش هان دەدەن کە کچەکانیان بخەنە بەر تیغی خەتەنە زۆر جۆراو جۆرن. گابریلا دوتیا زۆرێك لەم دەلیلانە ئەخاتە ڕوو. لە هێندێك وڵات دا وا بیر دەکەنەوە کە ئەم کارە بەشێکە لە نەزافەت. ئەوەی کە ئەندامی جنسی ژن پیسەو ناشیرینەو دەبێ ببڕدرێت. بە بڕوای گابریلا دوتیا ڕێکەوتننامەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تەنیا کارتێکەرێکی بەر تەسکیان هەیەو لە ڕەفتاری خەڵك دا دەبێ ئاڵوگۆڕ پێك بێت گرنکترین شت کە دەتوانێ ببێتە هۆی پێکهێنانی ئەم شێوە ئاڵوگۆڕە دەبێ ژنان ئاموزش بدرێن و لەو پێوەندیە دا ئاگادار بکرێن چونکە بە بڕوای گابریلا دوتیا خەتەنە کردنی کچان لە گەڵ مەسەلەی هێزو سەر کوت پێوەندیان هەیە.

زیگرید دتلوفSigrid dethloff